# بازرگانییێکی ترسناك تر

جەلال بەرزنجی
کەنەدا
2-10-2006

سەنتەری ( داکۆکی کردن لە دەست درێژی سێکسی) لە شاری ئیدمنتۆن لە کەنەدا رۆژی 29- سێپتەمبەری- 2006 کۆنفراسێکی گەورەی لە سەر هەردوو دیاردەی ترسناکی ( ترافیک پیٚ کردنی ژنان) و ( تەعەدا ی سێکسی لیٚکردنی کاتی شەڕ) ساز کرد , دەست درێژی لیٚکردنی سێکسی لە ژنان و کچان و منداڵان تازە نیەو دەرئەنجامی شەڕو ئارەزووی وەحشیانەی سێکسی تیٚکەڵ بە بیری فاشیەت و بەربەریەتە کە لە لایەن سوپای پەلامار دەر ئەنجام دەدریٚت و هەزاران مرۆڤ ئەتک دەکریٚن , ئافرەت و کچانی کورد بەشێکی زۆری ئەم غەدرە یان لە لایەن سوپای پەلامار دەروو بیٚ شەرەفی داگیر کەرانی بەر کەوتووە .بەڵام ئەم سەرو ئەو سەری دنیا پیٚکردنی ژنان ( ترافیک کردنی ژنان )بازرگانییەکی تازەو ترسناک ترە لە بازرگانی کردن بە مادە بیٚ هۆش کەرەکان , لە دوای هەرەس هیٚنانی بلۆکی سۆسیالیزم لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژ هەڵات لە لایەن مافیاکان دەکریٚت و رۆژانە سەدان ئافرەت و کچ بەدزی بۆ مەبەستی بازرگانی پیٚ کردنیان و سێکس فرۆشتن ئەم سەرو ئەو سەری دنیایان پیٚ دەکریٚت زۆر جاریش ئەوانەی بۆ فرۆشتنی سێکس دەیان گوازنەوە بەم فیٚڵە نازان تا دەبردریٚنەناو ئەم جیهانە ترسناک و دەبنەقوربانی ,ئیٚستا دوای ئەوەی دەزانم ئەم بازرگانیە دەمیٚکە هەبووە, بیرم بۆ ئەوە دەچیٚت و دەڵیم دوور نییە کچان و ژنانی کوردی ئەنفاڵ کراویش فرۆشرابنە ئەم مافیایانە

لە کۆنفراسەکەدا چەندان کەسی شارەزا و خاوەن پیٚشینەی (باگ راوندی) ناوشەڕو تراژیدی پیٚک هاتوولیٚکۆڵینەوەیان لە سەر ئەم بابەتە پیٚشکەش کرد , قسەکەرەکانی کۆنفراسەکە ئەمانە بوون :

* دکتۆر سۆفیا سیوهانی وڵاتی تەنزانیا
* تاتیانا ئەزلافۆکا یۆگسلافیای جاران
*جانیت ماکیۆبا سودان
* کارین سمیت ئەڵمانیا
*سەباحەت تاهیر کوردستان